Journal of University of Raparin    گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین    E-ISSN: 2522 – 7130   P-ISSN: 2410 – 1036

# بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانی شانۆی منداڵان لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان

**نەبەز ئیسماعیل کەماڵ**[1]

[1]بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

هەنگاوەکانی پەروەردە و فێرکردن گرنگترین بنەما جێگیرەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگەن، پەیوەندی هەیە بەداهاتوی ڕۆڵەکان و دروستکردنی ئایندەی هەر کۆمەڵگەیەکەوە هەیە، بواری شانۆ و پەروەردە و فێرکردن ناسێنەری گەلانە و ئاستی تێگەیشتنی کەلتوریی و شارستانی لەسەر قایم دەکرێت، کە ئەویش ڕۆشنکردنەوەی داهاتوە، بۆیە دروستی و جێگیری ئەمانە دەبێتە هۆی دابینکردنی ژیانێکی شایستە بەمرۆڤ و لە خزمەتی مرۆڤیشدا دەبێت، هەرێمی کوردستان بە حوکمی داگیرکاری بەردەوام و پێشێلی سەروەریەکەی، هەمیشە ژێردەستە بوە، گەشەسەندنی شانۆیی منداڵانی لە ئاستێکی پێویستدا نەبوە، ئەم لاوازییە زیاتر لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣) تاوەکو (٢٠٢١) هەستی پێدەکرێت، ئەگەرچی هۆکارەکان بەپێی واقع گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

لەم توێژینەوەیەدا پێشەکی و ئامانج سەرهەڵدانی شانۆی منداڵان لە کۆنەوە سەردەمی گریک تاوەکو کاریگەریەکەی دێتە کوردستان، کە بەپێی بنەمای سەرچاوەکان دەخەینەڕو، وێرای شیکردنەوەی پێکهێنەرە سەرەکیەکانی شانۆیی منداڵان و ڕێگا گرنگەکانی پەروەردەیی و جۆرە جیاوازەکانی شانۆی منداڵان و کاریگەریان لەسەر منداڵان و مەرجەکانی نوسینی دەقی درامی و ڕۆڵ و ئەرکی مامۆستای دەرهێنەر لە چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ نمایش و پێشکەشکردندا، هەروەها خستنەڕوی نمونەی چەند کارێکی نمایشکرا و لە پارێزگاکانی هەرێم، لە کۆتاییدا و لە ماوەی کۆی باسەکاندا خستنەڕوی چەند ئەنجامێک و ڕاسپاردە و پێشنیار لەسەر شانۆی منداڵان خاڵبەند دەکەین.

**کلیلە وشەکان:** شانۆ، پەروەردە، قوتابخانە، فێرکردن، شانۆگەری.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29
**Received:** 01-July-2022
**Accepted:** 25-July-2022
**Published:** 29-March-2023
**Corresponding Author E-mail:**
nabaz.esmail.kamal@gmail.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

کارکردن بۆ توێژینەوە و بەدواداچونە زانستییەکانی پەروەردەکردنی منداڵان و قوتابیان لە ڕێگا جیاوازەکانی پڕۆسەی پەروەردەیی و فێرکردندا، کردارێکی ئەکادیمی پێویست و گرنگە، وێڕای گەیشتن بە بنەماکانی فێربون و پەروەردەیەکی دروست، خزمەتێکی بێ وێنە و پڕ لە بەهای مرۆڤایەتییە، لەم نێوەندەدا پەروەدەرکاران و مامۆستایان نەوەیەک پێدەگەیەنین، کە خاوەنی ئەم وڵاتەن و لەداهاتوشدا پەروەدەرکاران پێشەوایەتی ڕۆڵەکانی میللەتەکەیان دەکەن، ئەوانەی بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی بواری پەروەردە و پێگەیاندن، دەبنە هۆکار بۆ دۆزینەوەی کەسێتی منداڵان و ڕێگا ڕۆشنی و دەستنیشانکردن، بۆیە پڕۆسەی فێرکردن و پەرورەدەیەکی دروست لەسەر بنەمای زانستی و بەبێ جیاوازی ڕەگەزی، ئەوپەڕی خزمەت بە مرۆڤایەتی و جیهانیش دەگەیەنێت، لەم ڕێگایەوە دیدگای هزری منداڵان زیاتر دەکرێتەوە و نامۆ نابن بە جیهانبینی و نوێگەری و گۆڕانکارییە خێراکان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

## بەشی یەکەم

## تەوەرەی یەکەم

### کێشەی توێژینەوە:

کەمتەرخەمی بەشێک لە خودی مامۆستایانی پسپۆڕی شانۆی منداڵان لە قوتابخانەکاندا، هەڵنەستان بە ئەرکی سەرشان و جێبەجێنەکردنی ئەرکە پەروەردەییەکان، سەرەڕای پسپۆریەتی تەواو و خوێندنی ئەکادیمی لە بوارەکەدا، هەروەها بەگرنگ نەبینینی خێزان و پشتیوانی نەکردنی ڕۆڵەکانیان لە هونەری شانۆی منداڵان بەبێ بایەخ بینینی چالاکییە شانۆییەکان، بەدیوێکی تر کەمی ژمارەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بە پەرەپێدانی هونەری شانۆی منداڵان و گرنگینەدان بە بەهرەو تواناکانی منداڵان و تەنانەت فەرامۆش کردنیان، بەهەندوەرنەگرتنی بابەتی شانۆی منداڵان وەک ماددە و کەرەستەیەکی گرنگی چالاکییەکان و پەراوێزخستنی، ئەمە وێرای کەمی نەبونی نوسەری ئەکادیمی و دەقی درامی منداڵان کە بتوانێت وێنایی جیهانی منداڵان و حەزەکانیان بکات.

### گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، ئەو خاڵە پەروەردەییانە دیاردەکرێن، کە دەبنە بنەمای دروستبونی کەسێتی لە منداڵان و دۆزینەوەی بەهرە شاراوەکانیان لەو ڕێگەوە، بەتایبەتی لەماوەی دوای ساڵانی ۲۰۰۳ تاوەکو ۲۰۲۱ چونکە لەو ماوەیە هەست بەپەراوێزخستن و فەرامۆشکردنی شانۆی منداڵان لەنێو قوتابخانەکاندا بەڕونی دەرکەوتوە جگە لەچەند هەوڵێک نەبێت ئەویش بەگوێرەی پێویست نییە، لەم توێژینەوەدا لایەنە ونبوەکان ڕون دەکەینەوە دەستنیشانی پەرەپێدانەکان دەکەین.

### گرفتی بەردەم توێژینەوە:

ئەگەر توێژەر بەتەواوەتی بیەوێت بپرژێتە سەر کۆکردنەوە و خستنەڕوی زانیارییەکان، ئەوا پێویستی بەسەرچاوەی خۆماڵییە، یەکێک لە گرفتە گەورەکانی توێژینەوەکە ژمارەی سەرچاوە زانستییەکانە بەزمانی کوردی، لەگەڵ ئەمەش هەوڵدراوە سود لە سەرچاوەی بیانی وەربگیرێت. هەروەها نەبونی ناوەندی کۆکردنەوەی ئەرشیفی ئەو کارانەی نمایشکراون، ئەمەش کەلێنێکی ترە لە خەزێنەی تۆمارنەکراوی چالاکییەکانی شانۆی منداڵان لە قوتابخانەکاندا، وێرای نەبونی هەماهەنگی بەشێکی زۆری کارگێڕی قوتابخانەکان.

### ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکاردێنین، چونکە گونجاوە لە وەرگرتن و خستنەڕوی زانیارییەکان.

### ئامانجی لێکۆڵینەوە:

١. دانانی بەرنامەیەک کە وابکات شانۆی منداڵان ببێتە هاوبەشێکی ڕاستەقینە لە بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لە هەمو ڕەگەزو بەشەکانی کرداری پەروەردەیی.

٢. گرنگیدان و فێربونی زمانی پاراوی کوردی پەتی و ڕەسەن، ئەویش لەڕێگەی دیالۆگ و ڕوداوەکانەوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

٣. نەهێشتنی گیانی شەڕانگێزی و دروستکردنی کەسێتی هێمن و ئارام، بەرزکردنەوەی هەستی هاوکاری دەستگرتن و یارمەتدان.

٤. دروستکردنی پەیوەندی سروشتی و بەهێز لەنێوان شانۆی منداڵان و وانەکانی تری خوێندنی قوتابیان بەرزکردنەوە ئاستی زانستی سەرجەم وانەکان.

٥. پەرەپێدانی هەستی خاک ویستی و خۆشەویستی بۆ نیشتیمان، شارەزابونی منداڵان لە ڕوداوە مێژوییەکان.

٦. بەهێزکردن و کرانەوەی هزری، دۆزینەوەی خولیا و ئاواتەکان و دەستنیشانکردنی بوارەکانی بەهرەداران و ئارامگرتن لەسەر ڕوداوەکان.

## تەوەرەی دوەم:

### ١) مێژوی دروستبونی شانۆی منداڵان"

شانۆی منداڵان وەک بەسەرهەڵدان و دروستبون بهسروشتی بۆ سەردەمی یۆنان دەگەڕێتەوە، سەردەمی جوڵە و درامای مەزن، بناغەی ڕەوتی شانۆ لە جیهاندا بۆ سەردەی پێنجەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، پێش ئەوکاتەش منداڵان لە نمایشە ئاینیەکان هەبون، ئەوانیش لەنێو کارەکاندا هەڵگری کرداری درامی بون، لەگەڵ ئەوەشدا بینەرانی ئامادەبو بەشێکی زۆریان لە منداڵان پێکهاتبون و منداڵان لە بەڕێوەچونی ئاهەنگەکاندا بەشداردەبون (جوزیف ١٩٢٠، ١٣)

مێژویی شانۆی گریگ بە چوار قۆناغدا گوزەری کردوە، ئەوانیش سەردەمی (پیسستراسۆن- فەرمانڕەوای ئەسینا پێش سەدەی پێنجەمی زاین لەم سەردەمە ئۆرکسترا لە چەقی قورسایی مەیدانی گشتیدا بو، بینەرانیش لەسەر پلیکانە بون، لەدوەم سەردەمی ئەسکیلۆسی شاعیر سەرەتای پەیدابونی سۆفۆکلیس شانۆ فراوانبوە، لەناو شاردا ئۆرکیسترا دروستکراوە، لەقۆناغی سێیەم کە بەسەردەمی ئاشتی ناسراوە سیاترۆن پایەو باڵ و دەرگای شانۆ تەواوبو، قۆناغی چوارەم دەکەوێتە سەدەی چوارەمی پێش زایین ئەو ڕۆژگارەی (لیکۆرجۆس) وتاربێژ شانۆیەکی بەردینی بونیادناوە، هەر لەو کاتەدا پۆلیکتۆس شانۆی بەناوبانگەکەی شاری ئەپیدرۆسی دروستکرد لەم قۆناغەدا شانۆی گریگ کەوتە دوا پلەی پێشکەوتن (سالار ١٩٨٤, ٤٦ - ٤٧)

جەژنە ئاینیەکان بەشێکی گرنگ و مەزنی یۆنان بوە وەک جەژنی کۆکردنەوەی بەروبوم و شەراب دروستکردن کە بۆخواکانی یۆنان (دیۆنیسۆز) بەناوی خوای ڕەزوباخ و چاکە و بەروبوم بوە لەو بۆنەیەدا ئاهەنگ گێڕدراوە سەما و گۆرانی و پێشبڕکێیان کردوە هەروەها قوربانیان پێشکەش کردوە هەمان ئاهەنگ لە بەهارانیشدا هەبوە یەکەم کەسیش وەک ئەکتەر (سیس بیس) بو وەک نمایش نواندن هاتۆتەپێش شوێنی نمایش لە دامێنی چیاکان بوە (عەلی ٢٠١٦, ٢٤)

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا جۆرە درامایەکی ئاینی لەکڵێساکاندا سەریهەڵدا بەناوی (الخوارق) کە لەبنەچەدا ئامۆژگاری ئاینی بو بۆ گەوران و منداڵان ئەویش بۆ ئاینی مەسیحی بوە ئیدی منداڵان ئەم شانۆگەریانەیان لەباخچەکاندا نمایشدەکرد. (قەرەداغی ٢٠١١, ٣٦ و ٣٧)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

لەسەدەکانی چواردەم و پانزەیەمدا شانۆی منداڵان لە ئینگلیز هەندێ جوڵەو گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی ئەویش لە ئاهەنگەکان و سەماو هەندێ جوڵەی پێکەنیناوی منداڵان ڕۆڵی سەرەکیان دەبینی بەتایبەتی لە قوتابخانەکاندا (أبومعال ١٩٨٤، ١٢)

بناغەی دروستبونی شانۆی منداڵان و سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی هاتنە کایەیی شانۆ لە کۆندا، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە منداڵان گرنگیان هەبوە و لەگەڵ گەوراندا هاوشان بون لە بەشداری و پێکهاتەی نمایش بەپێی سەردەمە جیاوازەکان، گرنگی سەردەمی ئینگلیز لەوەدایە قوتابخانە دەکرێتە ناوەندی چالاکی و نمایشی شانۆی منداڵان، لێرەدا بەپێی سەرهەڵدان و گرنگی شانۆی منداڵان لە وڵاتان و لەڕوی مێژوییەوە ڕوناکییان دەخەینەسەر.

**فەرەنسا:** یەکەم سەرهەڵدانی نوێی شانۆی منداڵان لەسەدەی هەژدەیەم بەشێوەی کرداری ڕێکخراو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٨٤ لە باخچەیەکی ناو پاریس و لەسەر دەستی (دۆق شارتەر) ئەویش پێشکەشکردنی نمایشێکی منداڵان لە ناوەڕاستی باخچەیەکدا بینەران پۆل پۆل وەستابون بەسەرسامییەوە بینەری شانۆی منداڵان بون کە پڕ لە جۆش و خرۆش و ئاهەنگ بو، کارەکە بوە جێگەی سەرنجی بەرپرسانی باڵای فەرەنسا، بۆیە (پاشا دوق لفیفی) هاوسەری هەروەها وێنەکێشی ناودار (دافید و خاتو ستیڤانی دیگلیز) ئامادەی کردبو ژمارەیەکی زۆری خێزان و ڕێبوارانی باخچەکە بەسەرسامییەوە لەچالاکیەکی نوێی هونەری شانۆیان ڕوانی ئەویش شانۆی منداڵان، هەر لەکاتی نمایشدا ئافرەتێک دێت و بەئامێری مۆسیقی قیسارە لەگەڵ کچە بەهرەمەندەکەی دوقی بچوک بو، جوانترین نمایشی مۆسیقا پێشکەش دەکەن (الجواهري ١٩٧٤، ٤)

نوسەری گەورەی فەرەنسی دایفد دەڵێت: (ئەم نمایشەی منداڵان سنوری جوانی نمونەیی تێپەڕاند.) ناوی بەشێک لەو شانۆیانەی بۆ منداڵان نمایشکراوە وەک کۆچکردن لە بیابان – مناڵێکی بەناز – ترسناکیەکانی دونیا – دوژمنە ڕێزدارەکان – هاوڕێیانی ساختەچی – پیاوی ژیر. (الجواهري ١٩٧٤، ٥) بەشێک لە مێژونوسان ئاماژە بەوە دەدەن، کە نمایشی ساڵی ١٧٨٤ پاریسی پایتەختی فەرەنسا، یەکەمین جوڵانەوەی شانۆی منداڵانە بەشێوەی سەرنجڕاکێش و پێشکەشکردنی وێنەی شانۆیی بۆ منداڵان (الصوري ١٩٩٧، ٢٠)

ئەدەبی منداڵان (نوسین) لە فەرەنسا لە ماوەی ساڵی ١٧٤٧ تاوەکو ١٧٩١ بواری نوسینی منداڵان دروست دەبێت بەناوی گۆڤاری (هاوڕێی منداڵان) (الحديدي ١٩٨٨، ٤٠)

**بولغاریا:** لە وڵاتی بولغاریا نوسەری منداڵان دەرکەوتوە، کاری شانۆی منداڵان لە ساڵی ١٩٣٣ لەسەر دەستی ئەدیب و نوسەری بولغاری (بوسبلیک) شانۆی منداڵانی بەوێنەی شیریی دایک بۆ مناڵەکەی وێناکردوە (شرايحه ١٩٨٣، ٢٣)

**ئەڵمانیا:** لە ئەڵمانیا زیاتر پەیوەندیداربو بە ئەدەبی منداڵان، هەر لەوێدا برایانی (یەعقوب ولیم گریم) سەرهەڵدەدەن لە ناودارترین کارەکانیان بۆ منداڵان لە چیرۆکی منداڵان پێکهاتبون، ئەمەش بەشێکبو لە چیرۆکی خورافیات کە لە کەلتوری میللی ئەوروپا و ئاوێتە لەگەڵ چیرۆکی میللی ئەڵمانی لە ناودارترین کارەکانی منداڵان ئەمانەیە: (شەوی گورگ – سپی وەک بەفر – پاشای بۆق – جادوگەرە خراپەکە – شازادە خەوتوەکان) چیرۆکەکان


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

جێگەی سەرسامی بون بۆ سەر ٧٠ زمانی جیهانی وەرگێردراون بونە جێگەی سەرنجی ڕاکێشانی ملیۆنان منداڵ بۆیە لە ئێستاشدا و لە وڵاتە سەدان کتێبی چیرۆک و شانۆی منداڵان چاپ دەکرێن. (موسى و الفيصل ٢٠٠٠، ١٤ – ١٥)

**بەریتانیا:** بەریتانیا ساڵی ١٩٢٧ بە کۆمەڵێک بابەتی پەروەردەیی گرنگ و بەسود دونیای شانۆی منداڵانی گەش و جوانتر کرد. (مرعي ١٩٩٣، ٨٩)

**یەکێتی سۆڤیەت :** یەکەم سەرهەڵدانی نویٚ شانۆی منداڵان لە سەرەتای سەدەی بیستەمی ڕابردو لە یەکێتی سۆڤیەت بو، ئەویش دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ساڵی ١٩١٧. (مرعي ١٩٩٣، ٨٩)

**ئەمەریکا:** ئەگەرچی لە **ئەمەریکا** ساڵی ١٩٠٣ یەکەمین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دامەزرا بەناوی شانۆی فێرکاری منداڵان، ژمارەیەک شانۆی نمایشکرد لەوانە (الاميروالفقير) (الاميرة الصغيرة) ئەمانە شانۆی پلاندانانی پەروەردەیی بون بۆ سودی قوتابیانن دواتر چەندین شانۆی تر وابەستە بە بابەتی منداڵانەوە نمایشدەکران بەتایبەتی بابەتی پێکەنیناوی و کۆمەڵایەتی، دواتر هەر لە ئەمریکا ساڵی ١٩٢٣ کۆمەڵەی پێگەیشتوان یەکەمین شانۆی منداڵانیان پێشکەشکرد کە ناوبانگی دەرکرد بەناوی (لە وڵاتی سەرسوڕهێنەردا) دواتر شانۆی منداڵان قۆناغێکی تر چوە پێشەوە ئەویش ساڵی ١٩٢٥ چوە نێو قوتابخانەی زمانەوانییەوە لە زانکۆی (نور سویسترون) کە یەکەم جۆری شانۆی منداڵان بو کە ناسراوە بە (ئیفانستونی منداڵان) دواتر لە زۆر زانکۆ و ناوەندی تر خوێندران ساڵی ١٩٣٢ هاوشان لەگەڵ شانۆی مەدەنی پێشکەوت و پشتیوانی کرا (أبومعال ١٩٨٤، ١٤) پێش ئەوکاتە لە ئەمەریکا دەستکراوە بە نوسینی ئەدەبی منداڵان ساڵی ١٨٧٦ لەلایەن (بول بونیان) چەند بابەتێکی منداڵانی نوسیوە (موسى و الفيصل ٢٠٠٠، ١٨) شانۆی منداڵان لە ئەمەریکا بواری فێرکاری و فێربونەوە بوە، بەڕێوەچونی بابەتەکانیشی لەلایەنی یەکێتی پەروەدەیی لە نیۆیۆرک سەرپەرشتی دەکرا (ئەلیاس ٢٠٠٩, ٢٦)

لەم قۆناغەدا شانۆ هەنگاوی نوێی دەنێت، چونکە لەگەڵ بابەتە فێرکارییەکان تێکەڵ دەبن و بابەتە پەروەردەییەکان بە بنەمای کارەکان دادەنرێت، ئامانجیش لەم کردارە بەیەکەوە بەستنەوەی فێرکردن و پەروردەیە. ئامانجی سەرەکیش لە شانۆکانیاندا بونیادنانی منداڵان بو لەسەر بناغەی کەسایەتی بەهێز، هەروەها خۆشی خستنە نێو دڵیانەوە بەهێزکردنی خودو هەستکردن بە کەسایەتی، ئارەزوکردن بۆ خێرو جوانبینی، لە کاتی نمایشی شانۆکان کاریگەریان زۆر بو لەو قوتابخانانەدا و یەکترناسینی لەنێوان دایک و باوکی قوتابیان دروستدەکردو دەبوە هۆی گەشەسەندنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان (يوسف ١٩٨٣، ١٨)

**هیند و یابان:** لە وڵاتی هیند شانۆی منداڵانی بوکەڵەیان بەکارهێناوە، بوکەکان گەورەبون جوڵەیان پێکراوە بەشێوەیەک دروستکرابون بەرزدەبونەوە هەندێ کاتیش سەمایان دەکرد، ئەمەش هۆکارێکی زۆر باش بو بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش، لە وڵاتی یابان بینەران و تەماشاکارانی ئەم نمایشە لە گەوران پێکهاتبون، یابانییەکان ئامێری مۆسیقای ژێداریان بەکارهێناوە ناویان نابو (samisen) سامسین تێکستی دەقەکانیان بەشێوازی شیعری دەنوسی، هەروەها لەپاڵی کارە هونەرییەکەشدا گۆرانی دەگوترا و چیرۆک دەگێڕدرایەوە. (قەرەداغی ٢٠١١, ٣٥) بۆیە شانۆی منداڵان وەک کایەکانی تری بەرەنگاری لەبەرامبەر نازییەکانی ئەوکات پەیامێکی گەورەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

گەیاند، بەنمونە شانۆی (تەیمور و هاوڕێکانی نمایشکرد) کە تێدا منداڵان هاوکاری جەنگاوەرانی وڵاتەکەیان دژی ستەم و شەڕ دەکرد. (أحمد ۱۹۸۷، ۷۷)

**بەحرەین:** ساڵی ۱۹۲٥ بۆ یەکەم جار لە بەحرەین نمایشی شانۆی منداڵان لە قوتابخانە ئەنجامدراوە، ئەویش پێشکەشکردنی دیاری خەلیفەی بەحرەین بو بۆ نواندن لەژێر ناونیشانی (دادوەر بە فەرمانی خوا) (القاضي باذن الله) پێشکەشکراوە. (سريع و بدير ۱۹۹۳، ۱۲)

**سوریا:** لەسوریا ساڵی ۱۹٥۹ لەوکاتەدا تیپی نەتەوەیی لە سوریا دامەزرا، لەهەمان کات شانۆی قوتابخانەکان دروستبو لەوێدا شانۆیی بوکەڵەو جۆرەکانی بوکەڵە بە ڕاهێنانی تەواوەوە لە قوتابخانەکان نمایشکراوە.

**لوبنان:** جوڵەی شانۆی منداڵان لە قوتابخانە و یانەکان لە هەندێ کۆمەڵە ئاهەنگیان پێشکەشکردوە، ئەمە سەرەتای پەیدابونی شانۆی منداڵانە، دواتر وەرگێران بۆ چەند زمانێکی بیانی دواتر شانۆی مێژویی و نیشتیمانی سەرهەڵدەدات، شانۆی (حەمدان) شانۆیی (السباق بين عبس و ذيبان) کە گرنگیان بەلایەنی گیانی نیشتیمانی و نەتەوەیی و چونە نێو ناوەرۆکی ئایینی و ئاراستەکردنی منداڵان بەوێنەی باڵاو پاڵەوانان، ساڵی ۱۹۷۰ تیپی شانۆیی بەیروتی سەردەم دروستکراوەو کارەکانیان گرنگیدان بو بە شانۆی بوکەڵە فەنتازیایی سێبەر (أبومعال ۱۹۸٤، ۱٥ – ۱٦)

**عومان و قەتەر:** لە هەریەک لە وڵاتانی عومان و قەتەر ئەگەرچی هەندێ چالاکی هەبوە پێش ساڵی ۱۹۷۰ لە قوتابخانەی سەعیدیەو سێ لە (مەسقەت) هەروەها لە مترح وصلالە لە قوتابخانەدا پێشوازی لە یەکەم نمایش کراوە بەئامادەبونی سوڵتان وەک لە کتێبی (لمحات عن ماضي التعليم في عمان) هاتوە ساڵی ۱۹۸٥ ئاهەنگی فراوان لە کۆتایی ساڵی خوێندن کراوەو قوتابیان چالاکیان پێشکەشکردوە هەرچی وڵاتی قەتەر هاوشێوەی عومان چالاکی هەبوە، بەڵام لە ساڵی ۱۹۸٤ بەسەرپەرشتی بەشی پەروەردەیی شانۆ لە وەزارەتی پەروەردە یەکەمین ڤیستیڤاڵی شانۆیی پرۆگرامی منداڵان پێشکەشکراوە، کە لە قوتابخانەکانی قەتەری پێکهاتبون شانۆکانیان فێرکاری و پەروەردەیی بون، دواتر بەردەوام بون بەتایبەتی لە بەکارهێنانی شانۆی بوکەڵە و لە قۆناغی سەرەتایی منداڵان. (زين‌الدين ۲۰۱۸، ۲۷۰ – ۲۷٤)

**شانشینی سعودیە و ئیمارات:** لە عەرەبستانی سعودیە شانۆی منداڵان درەنگ دەستیپێکردوە ساڵی ۱۹۲۸ لەسەر دەستی (صالح بن صالح) لە قوتابخانەی (عنيزە) ناحکومی شانۆی منداڵان لە ژێرناوی (جاهل و متعلم) نمایشکراوەو دوای چەند ساڵێک دوبارەبۆتەوە هەرچی لە ئیماراتی عەرەبی ساڵی ۱۹٥۰ وەک یەکەم هەنگاوی کاری شانۆی منداڵان دەستنیشان کراوە. (اسماعيل ۲۰۱۸، ۳۱)

**ئوردن و فەلەستین:** هەرچی لە وڵاتانی ئوردون و فەلەستینە، ساڵی ۱۹۳٥ ئەدەبی منداڵان سەریهەڵداوە لە ناودارترینیان هەزار چیرۆکی مەلیک فەیسەڵ و ئەسکەندەرخوری و عبدالرؤوف المصری و عیسا ناعوری حسنی فریز نەبیل صوالحە و داد قعوار لە چیرۆکە بەناوبانگەکان (خالید فانتە) بوە، هەروەها لەکاتی دەرکەوتنی کۆمەڵەی زانستی مەلەکی کۆمەڵێکی کاری ئەدەبی منداڵان بەرهەمهێنرا وەک گۆڤاری (سامرو فارس) هۆکار زۆربون بڵاوبونەوەی ئەدەبی منداڵان بەشێوەیەکی خێرا وەک گرنگیدانی قوتابخانەکان و کرداری پەروەردەیی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

زانین و ڕۆشنبیری هەروەها دەستنیشانکردنی شوێنێکی تایبەت لە کتێبخانەی گشتی بۆ منداڵان و گرنگیدانی حکومەت بە پشتگیریکردنی کتێب و نوسەرانی تایبەت بە منداڵان لە گرنگترینیان گرنگیدانی قوتابخانەکانە (موسى و الفيصل ٢٠٠٠، ٢٥)

**میسر و لوبنان:** لە بەشێکی وڵاتان شانۆی منداڵان دواکەوت بۆنمونە لە میسر ساڵی ١٩٥٣ لە لوبنان سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردو سەریهەڵداوە، بابەتەکانی چیرۆک گێرانەوەو فۆلکۆرو گۆرانی ئامۆژگاری بوە، لەنێویشیاندا شانۆی بوکەڵەش ڕۆڵی هەبوە بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی و بیانیش شانۆی منداڵان لەو سەردەمە بەتایبەتی ڕۆڵی گرنگی دەبینی لە ئاراستەکردنی منداڵان ڕاهێنانی منداڵان بۆ ژیان لەگەڵ فێربونی ڕەوشت و هەڵسوکەوت. (مرعي ١٩٩٣، ٨٩)

**مەغریب:** نوسەری مەغریبی موستەفا عەبدولسەلام دەڵێت: لە وڵاتی شانۆی منداڵان ساڵی ١٨٦٠ ناسراوەو دەستپێیکردوە، لەوکاتەی ئیسپانیا شاری (تەوان)ی لەو وڵاتە داگیرکرد، لەو ساڵەدا تیپی (بروتون) دروستبوە شانۆگەریەکیان بەناوی منداڵانی مەغریب پێشکەشکرد، دوایی شانۆی ئیزابێل دوەمین شانۆیە بۆ ئەفەریقاو جیهانی عەرەبی نمایشکراوە دواتر لە هۆڵی شانۆی ئەزبەکییە لە ساڵی ١٨٦٨ دواتر ئوپیرا لە قاهیرە ساڵی ١٨٦٩ نمایشکراوە بەبۆنەی کردنەوەی کەناڵی سوێس لەو وڵاتەدا (سەعدوڵڵا ٢٠١٥, ١٣١)

**کوێت**: یەکەم نمایشی منداڵان لە قوتابخانەکان لە حوزیرەرانی ساڵی ١٩٣٩ (قوتابخانەی موبارەکیە) سەریهەڵداوە، لە نمایشەکە کە ئەمیری کوێت (شێخ احمد جابر صباح) ئامادەبوە هەروەها باوەڕپێکراوی بەریتانیا لە کوێت ئامادەبون، بەڵام دەرکەوتنی شانۆی منداڵان لە دەرەوەی قوتابخانەدا دواکەوتوە، تاوەکو ساڵی ١٩٧٨شانۆگەری (سندباد البحري) لەسەر تەختەی شانۆی پەیمانگای تایبەت پێشکەشکراوە. (اسماعیل ٢٠١٨، ٣٠).

**شانۆی منداڵانی عێراق:**

نوسەری عێراقی (حسب‌الله یحیى) لە کتێبەکەی بە ناوی (مقدمة المسرح الأطفال) دەڵێت: (شانۆیەک کە شایستەی منداڵان بێت، لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٨ دەزگای گشتی سینەماو شانۆ بۆگرنگیدانی شانۆی منداڵ شانۆگەری عەلی خانی تەورێزی لەنوسینی (ئەلفرێد فەرەج) بو ساڵی ١٩٦٩ یەکەم نمایشی کاری منداڵان ئەنجامدراوە ئەمەش بوە جێگەی باسی ڕۆژنامەوانی. (قەرەداغی ٢٠١١, ٥٢)

## تەوەرەی سێیەم

### ١ گرنگی پەروەدەی شانۆی منداڵان:

شانۆی منداڵان کردارێکی پێکەوەیی ئامانجداری بەنرخە، پڕە لە چێژو بەهای پەروەدەیی، دروستکردنی ژینگەی فێرکاری دەرونی گونجاوە بۆمنداڵان و دۆزینەوەی کەسێتی و گەشەپێدانی هزرو پەرەپێدانی گیانی هاوکارییە، وێرای پەیرەوکردنی هەنگاوە زانستییەکان، بەدیهێنانی ئامانجە فێرکاریەکان و بەدەرخستنی بەهرەکانی منداڵانە.

ڕێگاکانی بایەخدان بەپەروەردەو کاری پەروەردەیی لەم چەرخەی خۆماندا زۆر زیادی کردوەو فراوان بوە، پەروەردە وای لێهاتوە پێشکەوتوترە لە فێرکردن و بایەخی زیاتری پێدراوە، گەلان و وڵاتان گەیشتونەتە ئەو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

ڕاستیەی کە پێویستە کاربکەن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریان، منداڵ یاخود تاکی کۆمەڵگا بوەتە سەنتەرو تەوەری سەرەکی پەروەردە، واتە تاک گرنگە نەک ماددەیەکی چەق بەستوی وشک و برێنگ، بەم کارەش منالآن خۆیان بونەتە خاوەنی ئازادیەکی ڕەها (ئالانی ٢٠٢١, ١٣٤). عەقڵی منداڵان هیچ مەعریفەیەکی پێشوەختەی تێدا نییە، بەڵام توانستی فێربون و تێگەیشتن و ڕێکخستنی زانین و مەعریفە و جۆرەها چالاکی کارامەیی هەیە، هەروەها خێزان و مامۆستایان ڕۆڵی سەرەکی لە گەشەی بیری منداڵان دەبینن. (حەمەدەمین ٢٠١٦, ١٩٥)

هەر کردەوەیەکی پەروەردەیی پەیرەوی مەرجەکانی گەشەکردن نەکات ئەنجام مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی ناپێکێ و بەکرچ و کاڵی دەمێنێتەوە، ئێمە نابێت پەلە لە منداڵ بکەین و بارێکی قورسی بخەینە سەر کە توانایی بەرگەگرتنی نەبێ، چونکە ئەمە گەشەکردنی سروشتی دەوەستێنێت (شوان ٢٠١٨, ٢٣)

شێوازی گرنگی پەروەردەکردنی شانۆیی منداڵان و هاندانی منداڵان بۆئەوەی وشەی نوێ بەکاربهێنن، قسەکردن لەگەڵ منداڵ و گوێگرتن بۆ قسەکانی کاریگەریەکی زۆریان هەیە بەوەی ئەو منداڵە فێری قسەکرن بێت. (زاهیدی ٢٠٢٠, ٦٨)

پێویستە لە دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن و بەرنامە فێرکارییەکان جەخت لەوە بکەنەوە کە ئامانجیان گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی قوتابییەکان بێت، کەواتە ڕەچاوی وانە کردارییەکان بکرێت. (عەلی ٢٠٢٢, ٤١) پەروەردەیی هاوچەرخ بە ئامۆژگاریکردن ناچێتە پێشەوە بەڵکو پێویستی پێش مەرجی نوێ هەیە، میتۆدی نوێ توێژینەوەی زانستی. (سەعید،٢٠٢٠،٣١٠) لە پرۆسەی پەروەردەی نوێ گرنگی زۆر بە جیاوازی تاکایەتی دەدرێت، بەهۆی ئەو توێژینەوە دەرونی و پزیشکانەی لەسەر ئاست و توانای ژیری مرۆڤ ئەنجام دراون. (قادر ٢٠١٤, ٢١) ڕۆڵی پەرورەدە گرنگە بۆ پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی، هەر منداڵێک لە سەرەتای ژیانیەوە فێری نیشتیمانپەروەری بێت ئەوا ئەو هەستە لەگەڵیدا گەشەدەکات (عەبدوڵلا ٢٠١٠, ٥١).

شانۆی منداڵانی ئامانجدار دروستکردن و تێکەڵاوبونی نێوان پەروەردە و شانۆیە، سود وەرگرتنی قوتابیان و منداڵانە بۆ وەرگرتنی ئەزمونێکی سودبەخش و گرێدانی پەیوەندییە لەنێوان کۆمەڵگا و زانست و قوتابخانە.

پاڵنەریەتی لە پرۆسەی پەروەردەی شانۆیی منداڵان ڕەگەزێکی سەرەکی خوێندنە بەتایبەت پاڵنەر کاریگەری دەبێ بەسەر کارابونی زیاتری کایەی خوێندن و بەڕادەیەکی زۆریش بەشداردەبێ لە بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان. (ئەلزەغلول ٢٠١٥, ٢١٦). منداڵ جیهانێکی تایبەتی هەیە، خاوەنی خەون و خەیاڵ و ئارەزو و تاسەی خۆیەتی هەر لەسەرەتاوە هەندێ نیشانەی زرنگی و چالاکی و زیندەیی پێوەدیارە تووی بەهرەو بلیمەتی لە ناخییەوە چەکەرە دەکات. (غەمبار ١٩٨٠, ٣).

پەروەردەی شانۆی منداڵ خەیاڵ و بیرکردنەوە دەبزوێنێت، منداڵان لایان دڵگیرترە کە شانۆییەکە بەدیمەنی نەخشین برازێندرێتەوە، ئەمانە بنەمای گرنگ و بەهێزی پەروەردەیین و کاریگەری گرنگیان لە ئاراستەکردن و پێگەیاندنی منداڵان هەیە، هەروەها پەروەردەی شانۆی منداڵان بنەمایەکی هونەری گرنگە و کاریگەری لەسەر منداڵ دروست دەکات و بڕوای پێدەهێنێت، ئەویش لە چوارچێوەی بینین و چێژ وەرگرتن وبەهۆی میتۆدە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

ناڕاستەوخۆکان و شیکردنەوەکانی، چونکە منداڵان مەبەستیانە لەو جیهانە تێبگەن و فێری ڕاستی ببن، هەروەک زانراوە، کە نواندن ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ لە بچوکیەوە تاوەکو گەورەبونی.

## ٢.جۆرەکانی شانۆی منداڵان:

شانۆی منداڵان زیاتر لەناو قوتابخانەدایە ئەگەرچی هەندێک جاریش نمایش لەدەرەوەی قوتابخانە ئەنجامدەدرێت ئەویش بەرەچاوکردنی ئەکتەرو بینەران و لایەنە تەکنیکیەکان و ئاستی قوتابیان.

شانۆی منداڵان لە چەند جۆرێک پێکدێت:

- **شانۆی فێرکاری:** شانۆکە پشت بە بابەتە بنەڕەتیەکانی پرۆگرامی خوێندن دەبەستێت، ئەمەش پێویستی بە نوسەرێکی لێهاتو و داهێنەرانەیە لەبوارەکەدا، پێویستی بە جەختکردنەوەیە لە ڕاستی زانستی ڕاستگۆییەکان، دو ڕێگای بنەڕەتی هەیە بۆ کارکردن لە شانۆی فێرکاری دراماو شانۆیی نمونەیی، درامای داهێنەرانەی مەزن و درامای دروستکەر، لەم ڕێگەوە دەتوانرێ ئاستەنگەکانی وانەکان لەڕێگەی کرداری جوڵەو دراماوە بۆ قوتابیان ئاسان بکرێت، بەشێوەی شانۆیی پێشکەش بکرێت. (صالح، ٢٠١١، ١٦ )

پرۆسەی فێرکاری و پێگەیاندن پشت دەبەستێ بە گفتوگۆیەکی بە ململانێ بەشێوەی بەرزو نزم و سەردەمی و نوێ، کۆتایی کارەکەش بەکراوەیی بەجێدەهڵێت ئەویش لەپێناو گوزارشتکردن لە ڕاو ڕای جیاوازو بۆچونەکان، لەم جۆرەیان کردارێکی بەکۆمەڵە بەڵام ئامانج لێی فێربونە (ابومغلی و هیلات ٢٠٠٧، ٣١)

ئامانجی فێرکاری شانۆیی جوڵاندنی خەیاڵی منداڵە بۆ ڕاهێنان لەسەر بەشداری و چالاکی کارایانە، هەروەها بەکارهێنانی جەستەی بەشێوەیەکی نەرم بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە لە ماوەی هەر چالاکیەک ڕەچاوی تواناو تەمەنی منداڵان بکرێت تاوەکو توشی ئازار نەبنەوە. (شواهین، عبيدات و بدندي ٢٠٠٩، ١٨)

شانۆی فێرکاری زۆربەی جار بابەتەکانی لەنێو وانەکاندا وەردەگرێت، هەروەها ڕۆڵی چارەسەرکاری دەبینێت و لەڕێی نمایشەوە چارەسەری دەنگ و دەم و دوی قسەکردنی منداڵانی پێدەکات، وێرای گەشەی هزری جوان بینی بۆ ئەدەب و هونەر، فێربون لەچۆنیەتی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و پاراستنی (زين‌الدين ٢٠١٨، ٢٧٧)

لە شانۆی فێرکاریدا دەرفەت بۆ قوتابی دروست دەکات بۆ چونە نێو ماددەکانی خوێندن بەشێوەی کرداری مەبەست وانەکانی تری فێرکردن، قوتابی گوزارشت لە خۆیی دەکات، هەوڵدەدات ئەوەی پێویستە فێری ببێت. (الطائي ٢٠٢١، ١٠٩)

بەشدارییپێکردنی بینەران و ئامادەبوان یەکێکە لەبنەماکان ئەویش لەپێناو گەیشتن بە ڕێگایەکی گونجاو شێوازێکی پەسەندی فێربون (الطائي ٢٠٢١، ١١٠)

– **نواندنی بێدەنگ**: پشت بە جوڵەی ئەندامانی جەستە دەبەستێ، یەکێکە لەڕێگا نوێکانی نواندنە بۆ پێشکەشکردنی بابەت لەڕێگەی جوڵەوە، ڕێگایەکی پەیرەوکراوی گرنگە لە تێگەشتنی جوڵە (صالح، ٢٠١١، ١٧)

هەروەها منداڵان ڕاهێنان دەکەن بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی بۆ بینینی دیمەنی نواندنی بێدەنگ ئەویش ئامانجی پەروەردەیی هەیە، بەشێوەیەک گونجاو لەگەڵ تواناکانی بۆ گوزارشتکردن و دەرخستنی هەڵچونەکان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

بەپێی پێویست، ئەویش لەماوەی بەکارهێنانی گوزارشتی دەموچاو جوڵەو هێماکان، بەڵام واباشترە لە چوارچێوەیەکی ڕوندا بێت. (سلام ٢٠٠٤، ١٣٠)

– **شانۆی (خۆبەخۆ) تیلقائی:** چالاکییەکانی لە ماوەی یاری خەیاڵ کردنەو پشت بە دەقێکی نوسراوی پێشوەختە نابەستێ، سەرپەرشتیاری کارەکە ڕۆڵ بۆ هەر قوتابییەک دەست نیشان دەکات، دواتر قوتابیان بەجێدەهێڵێت ئەوان خۆیان نواندن دەکەن و کاری دەرهێنانیش بەپێی تێگەیشتنی خۆیان ئەنجام دەدەن ئەمە لە قۆناغی فێربونە لەسەرەتاکانداو دەرفەت دەداتە قوتابیان بۆ گوزارشتکردن لە خۆیان و جێگیرکردنی ئەو حەزەی کە هەیەتی (سریع و بدیر ١٩٩٣، ٥٧)

جۆری خۆبەخۆ بەشانۆی داهێنانیش ناودەبرێت و بەسەرپەرشتی مامۆستای پسپۆر بەرێوەدەچێت، ئامانج لێ پێدانی ئازادیە بۆمنداڵ لەماوەی کاری شانۆیدا، ئامانجی ئەوەنیە کە نمایشێکی تەواوەتی شانۆیی پێشکەش بکات، بەڵکو پەیرەوکردنی جوڵەو ئازادی تەواوەتییە بۆ منداڵان (غالم ٢٠١١، ١٦)

شانۆی تیلقائی پێناسە دەکرێت بەوەی منداڵان ڕاهێنان دەکەن لە نێو پۆلەکانیان، یان لە شوێنێکدا پێکەوە کۆدەبنەوە، وەک ئەوەی دراما لە ئەزەلەوە لەگەڵیاندا بێت، ئەمە دەبێتە هۆی گەشەیان بەشێوەیەکی سروشتی و وێنای کەسێتی و دیالۆگ دەکەن هەروەها نیشاندانی تواناکانیان گواستنەوەی بەهرەکانیانە لەماوەی پێشکەش کردندا، لەماوەی ڕاهێناندا گوزارشتی زارەکی لە تێگەیشتنیان دەکەن، بۆیە ئەوەندە ڕاهێنان دەکرێت نمایشەکە دەبێتە ماوەیەکی چێژبەخش و بۆ بینەران و قوتابیانیش (أبومعال ١٩٨٤، ٥١)

قۆناغەکانی ئەو جۆرە دانانی پلان و دەستنیشانکردنی ئامانجەکەیە دواتر ئامادەکاری گفتوگۆ لەگەڵ بەشداران، قۆناغی نواندن بەگوێرەی ئەو هەڵوێستانەی دێنە پێش، هەروەها دانانی چارەسەر بۆ ئەو ڕوداوانەی کە دێنە پێش، لەم شێوەیەدا گفتوگۆی گروپی کار زۆر گرنگە هەندێجاریش ڕوبەروی ئەوانە دەبێتە کە جۆرێک لە گیانی ڕەتکردنەوەی زۆربەی شتەکانیان هەیە شانۆیی تیلقائی چارەسەری ئەم دیاردەیە و نارێکی ئاکارەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی دەکات (نجلة ٢٠١٠، ٢٧)

- **شانۆی منداڵ:** ئامانجی سەرەکی پەروەردەو ئاسانکارییەکانی پەروەردەیە، هەروەها جوڵەو چالاکی بۆمنداڵان بەشێوەی ئاسان، ئەمە بە ڕەچاوکردنی ئارەزو هەروەها لاساییکردنەوەی هونەرمەندانی گەورە و خێرای کاریگەریان لەسەر منداڵان، بەڵام شاراوە نییە، کە نوسەری ئەم جۆرە شانۆیە وێرای لێزانینی تەواو پێویستی بە کەسانی پسپۆری تایبەتمەند و پەروەردەییە (حمود و عمران ٢٠١٩، ٥٩)

بۆیە پەروەدەکاران و ژینگەی خێزان و دەوروبەر چۆن پەروەردەیی بکات و ڕاببێنێ بەم شێوەیە پێدەگات و بەرهەمی دەبێت، ئێمە لە ڕێگەی هزری جوان و ئامۆژگاری بەسود کرداری فێرکردن و بابەتی بەسود، وەک نەمامێکی بەرهەمدار کە سودی هەبێت بۆ خۆی کۆمەڵگەکەی بەرهەمبهێنین فێری جوانترین بەهاکانیان بکەین. (البکري ٢٠٠٥، ٣)

- **شانۆی بوکەڵە**: ئەم شانۆیە پێویستی بە خەیاڵ فروانی و داهێنانی نوسەرە بۆ قوتابییان بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی، لە گرنگترینیان قسەکردنە لەسەر زمانی ئاژەڵان و گیانداران و جۆش و خرۆش و خستنەڕوی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

دونیای ئەفسوناویە بۆ منداڵان، هەروەها منداڵان خۆشەویستیان بۆ بوکەڵە لەو تەمەنەدا هەیە. (حمود و عمران ٢٠١٩، ٦٠)

گرنگە لەماوەی پێشکەشکردنی شانۆی بوکەڵە زانیاری مێژوی و زانیاری وانەکان و ئادابی گشتی پێشکەش بکرێت ئەمانە لەڕێگەی مامەڵەی دروست و پێکەوەیی هونەرەکانیتر بەتایبەتی وێنە و ئامادەکردنی جلوبەرگی گونجاو ئامادەکردنی دیالۆگ لە کارەکە و هەروەها مۆسیقای گونجاو بۆ نمایش هەمو لایەنەکانی تری پێکهێنانی کارێکی گونجا بۆ نمایش، لەم شێوەکارکردنەدا قوتابیان سودێکی زۆر وەردەگرن، (الهیتی،١٩٧٧ ،٣٣٥)

شانۆ بوکەڵە دەبێتە چەند بەشێکی گرنگ کە هەریەکەیان سودی تایبەتی بۆ جیهانی منداڵان هەیە ئەمانەن:

- **بوکەڵەی دەزو**: بوکەڵەیەکە بەهۆی دەزوە دەجوڵێت کە لە قوماشێکی تایبەت دروست دەکرێت ئەمەش ئەوەی جومگەکان و قاچ و دەست و ملی ئازاد بن بەئارەزوی خۆیان جوڵەیان پێبکرێت هەروەها جوڵانەوەی هەر ئەندامێکی بوکەڵە، ئەمانە هەموی لەگەڵ دەزوەکان بەیەکەوە دەبەسترێنەوە
- **بوکەڵەی دەستکێش**: دەستکێشێکە لە بوکەڵەیەک بە بەرگ دروستکراوە، ناوەوەی ناوپۆشراوە دەتوانرێ لەلایەن ئەو کەسەیی کە نمایش پێشکەش دەکات بیخاتە ناو دەستیەوە و بەهۆی پەنجەکانیەوە جوڵەی پێ بکات. (حمود و عمران ٢٠١٩، ٥٨)

  ئەم شێوەیە شانۆیە پشت بە گوزارشت و هێماکان و دیالۆگی کورت دەبەستێت، هەروها مۆسیقا و دەنگە جیاوازەکان و کارتێکەرەکان ئەویش بۆ گوزارشت لە کەشی چیرۆک هەروەها وێنەی ماکیاژ ئەویش بۆ سەرنج ڕاکێشان و بینینی منداڵان ئەمەش بۆ تێکەڵاوبونی منداڵان لەگەڵ ڕۆڵەکەو کاردانەوەی دڵخۆشی لەسەر هەست و کەسێتی (نجلة ٢٠١٠، ١٠٤)
- **بوکەڵەی دەمامکی**: ئەمانە زۆربەی جار لەسەر شێوەی گیانداران لە قوماش دروست دەکرێن و ئەکتەران وەک بەرگ دەیپۆشن دەتوانن بەئاسانی جوڵەبکەن و نواندن و نمایش ئەنجام بدەن، ئەم جۆرەیان زۆر سەرنجی منداڵان و بینەران بەگشتی ڕادەکێشێت (حمود و عمران ٢٠١٩، ٥٨)

- **شانۆی گشتی**: بۆ کەشی گشتی لە ناوچەکەی خۆتەوە نمایش دەکرێت، بەبێ هیچ مەرجێکی دیاریکراو ئەمەش لەپێناو بەدەست هێنانی لایەنی ماددی دەسکەوتنی داهاتەوە بە شانۆی بازرگانی ناسراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستی بە بەرپرسیاریەتی و پشتیوانی لایەنی فەرمی هەیە، زۆرجاریش بەپێی خواستنی بینەران ڕوداو بابەتەکان نیشان دەکرێن، ئەم جۆرەیان پێویستی بە ئەکتەرانی خاوەن ئەزمون و ڕاهێنانی گونجاو هەیە .
- **شانۆی گۆرانی ئامێز**: ئەو جۆرەی شانۆ تێکەڵەیەکە لە نێوان گۆرانی و دیالۆگ، بەتایبەتی ئەو شانۆیانە بە (ئیستعرازی) ناسراون، کە لەسەر بنەمای ژمارەیەکی زۆر گۆرانی و کەمێک لە دیالۆگ بنیادنراوە (د. ئەحمەد ٢٠١٨, ١٤)
- **شانۆیی قوتابخانە**: ئەم شێوەیە تایبەتە بە قوتابخانەیەکی دیاریکراو، بەتایبەتی بۆنەی دەرچون و ئاهەنگەکانی نێو قوتابخانە یان بۆنەی ئایینی و نیشتیمانی و بینەرانی پێکدێن لە دایک و باوکان و


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

کەسوکاری قوتابیان لە قوتابخانەدا، بەڵام مەرجە ئەکتەرانی ئەم شێوەیە قوتابیانی قوتابخانەبن (أبومعال ١٩٨٤، ٥٦)

نواندنی ئەم جۆرە لەنێو قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکان و قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی بەپێکهێنەرەکانی شانۆیی پێشکەش دەکرێت، ئەویش بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان و ئامانجە تایبەتییەکان، هەروەها لایەنی هزری و ویژدانی و هەستی و جوڵە، مامۆستایانیش ڕێز لەو جۆرە شانۆیە دەگرن، شانۆی قوتابخانە دوای زانیاری گشتی وەک زانستی پەروەردەیی و دەرونی و زانستی کۆمەڵایەتی بایلۆجی بەبینینی شانۆیەوە ئەنجام دەدرێت. (المالكي ٢٠١٠، ١٧٢)

ئەگەر ئامانجی پەروەدە دروستکردنی تاک بێت بەشێوەی تەواوەتی لەلایەنی دروستکردنی جەستەیەکی تەواو زانستی و ویژدانی هەروەها ئەو لایەنانەی کە بونیادی تاکی لەسەر دروست دەکرێت، ئەوا شانۆی قوتابخانە هەمو ئەمانە بەدەست دەهێنێت، بەڵام ئەگەرهاتو بابەتەکانی لەچوارچێوەی پەروەردەیی بن. (حمد ٢٠٠٧، ٦٧)

- **کۆراڵ و ئۆپەرێت**: کۆراڵی منداڵان مامۆستا دەتوانێت لەم کارە هونەرییە زانستییە تێکستی پەروەردەیی ئامادەبکات و خۆی یان کەسانی تر ئاوازی جوانی بۆ دابنێت و دابەشکردنێکی هارمۆنی سادەی بۆ بکات یان کەسانی شارەزاتر هاوکاری بکەن، دیارە بایەخدان بەم کارە هونەرییەو بونی لە قوتابخانەکاندا گرنگی خۆیی هەیە، هەرچی ئۆپەرێتە کارێکی هونەری گەورەیە، کە چەند بابەت و لایەنی هونەریتر دەگرێتە خۆی، کە هەمویان دەبنە تەواوکاری یەکتری بۆ ئەنجامدانی کارە هونەریەکە وەک هونەری شانۆیی میوزیکی شێوەکاری سەماو جوڵە جلوبەرگ و ئێکسسوار (سەرکار ٢٠١٣, ٢٠)
- **شانۆی پۆل**: ئەم جۆرەیان بۆ قوتابیان گرنگی زۆری هەیە چونکە لەناو پۆلدا لەکاتی وانەکاندا پێشکەش دەکرێن، مەرج نیە کەوا شانۆیەک بێت بەتەواو پێکهێنەرەکانی لەسەر داواکاری مامۆستایان بۆ قوتابیان دەتوانرێ دراماو نواندن پێشکەش بکرێت، ئەمەش بۆ شیکردنەوەی وانەکانی قوتابخانەیە بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها هۆکارێکی گرنگە بۆ شیکردنەوەی وانەکان شرۆڤەکاری بەمەبەستی تێگەیشتن، بینەرانیش هەر قوتابیانن لەنێو پۆلدا، بە سەرپەرشتی مامۆستای وانەکە. (أبومعال ١٩٨٤، ٥٦)

هەروەها بابەتی ئایینی و نیشتیمانی و نەتەوەیی، مێژویەکی دێرینی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سروتە کۆنە کان، مەبەست لێیان پەیداکردنی پەیوەندی نێوان خوداو ئادەمیزادە بەواتای یەکگرتن لەگەڵ یەزدان ڕەگەزەکانی ئایینی لە زۆر ئایینەکانی جیهاندا بونی هەیە، چونکە مرۆڤ ناتوانێ بەهێزی سروشتی خۆی بگات کە خودایە، بەڵام خودا خۆی مرۆڤ بەرەو ئەو ڕوناکییە ڕادەکێشێت (میراودەلی،٢٠٠٥، ٣٩)

ئەم بابە تە شانۆگەرییانە چارەسەری بابەتە ئایینی و نیشتیمانیەکان دەکات، وەک دراماکانی سەدەی ناوەڕاست، شانۆگەری (موعجیزات و شانۆگەرییە نهێنییەکان و شانۆییەکانی ئازار) شانۆی ئایینی لەسەدەکانی ناوەڕاست وەک زاراوەیەک بەرامبەر بەرهەمی ئایینی بەکارهاتوە، لەسەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا ناسراوە و سەدەی پێنجەم دەست پێ دەکات تاوەکو سەدەی شانزە (قەرەداخی ٢٠٠٤, ٩٥)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

- **شانۆی گۆرانی**: ئەم شانۆیە پشت بەدەستێ بە دیالۆگی گۆرانی لەڕێگەی سرودەوە. (حسین ٢٠٢٠، ٦٤٦)
- **شانۆی مۆسیقایی**: بەرهەمی شێوە ئۆپێراین و پشت بە جموجۆڵ و مۆسیقا دەبەستێت کارکردنی سنوردار و ئەستەمە، چونکە پێویستی بەکاری تایبەتی خۆی هەیە. (ئەمین ٢٠٠٠, ٥)
- **شانۆیی گەڕۆگی منداڵ**: دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی نوێ و جیاوازی نەکردنی ڕەگەزی ئەرکی ئەم شێوە شانۆییەو کەناڵی ئەکتیڤی هۆشیارکەرەوەیە نمایشەکانی جارێک لە کارگە جارێک لە لەهۆڵ جارێک لە قوتابخانە جارێک لە بەندیخانە جارێک لە گوندو گۆڕپان پێشکەشکراوە چونکە شانۆ لە توانایدایە هەست و هۆشمان بەناسکی و پڕ لە ژیان دۆستانەو مرۆڤ دۆستانە پەروەردە بکات. (قەرەداغی ٢٠١١, ١٥٩)
- **شانۆی (کات بەسەربردنی خۆشیی) تەرفیهی (مسرح الترفيهي):**

ئەکتەرانی لەگەورە و منداڵان پێک دێن، کە هەڵگری بنەمایی ڕۆشنبیرین و لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی دامەزراون لەسەر بنەمای پەیامی کاری چاک، ئەم جۆرە لەسەر دو بنەما ئامانجەکانی دیاری دەکات یەکەم لایەنی کرداری شانۆی ئەویش ئامادەکردنە دوەمیش نیشاندانی بەرهەمی خودی خۆیەتی. (غالم ٢٠١١، ٢٢)

بۆیە لەم جۆرەی شانۆدا تاوەکو کۆتایی ناتوانرێت بزاندرێت، کە ئایا نمایشەکە سەرکەوتوە یان سەرکەوتو نابێت، دەبێت بەپێی توانایی منداڵ ئەو ڕۆڵەی بدرێتێ کە لەتوانیدایە بیگەیێنێ. (حنوره ١٩٧٧، ٩٤)

- **جۆری شانۆی وتاری:**

یەکێکە لە شێوەکانی هونەر بۆ گرێدانی پەیوەندییەکان لە نێو منداڵاندا، ئەویش گوزارشتکرنە لە جیهانی تایبەتی خۆیان، بۆ ڕوبەڕوبونەوەیە لەنێوان منداڵ و شانۆ، هەروەها لاساییکردنەوە و تێکەڵاوبون لێکدانەوە و خستنەڕوی واقعی خۆیەتی، بەتایبەتی لەو شوێنەی منداڵ دەیەوێ لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا تێکەڵ ببێت. (کنعان ٢٠١١، ٩٧) بێگومان وتنی هەر وتارو دیالۆگێک بەرەچاوکردنی تەمەنی منداڵانەوە بێت قۆناغی تەمەنی دەست نیشان بکرێت، نوسەر مەرجە لە هەڵسوکەوت و کەسێتی منداڵانەوە تەواو پسپۆرو شارەزا بێت، بنەمای یاری ولاسایی پاڵەوانان و سەرسام بون بەداستانەکان و پاڵەوانانی نێو چیرۆکەکان. (ابراهيم ١٩٩٢، ٢٥١) لەوتاردا سێ خاڵی گرنگن هەن تاوەکو ئامانجەکە بگەیێنێ (متمانە – بوێری - پشت بەخۆبەستن). (کەولۆسی ٢٠٠٨, ٣١).

جۆرە جیاوازەکانی شانۆی منداڵان دەوڵەمەندی ئەو هونەرە کاراو پربایەخە دەردەخات، لەوەی منداڵان خۆیان لەیەکێکی جۆرەکانی یان زیاتر دەبیننەوە، ئەمەش تواناکانیان زیاتر دەردەخات، هەروەها بەهرەکانیان ڕونتر دەکاتەوە .

هەرتەمەنە و بایەخ و گرنگی خۆیی بۆ منداڵان هەیە، دەستنیشانکردنی تەمەن و بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی بابەت و جۆری شانۆکە بەرەچاوکردنی قۆناغەکانی گەشە و گەیاندنی ئامانجەکان بەهێزتر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

دەکات، چونکە ئێمە پەیام ئاراستە دەکەین لەماوەی ئاراستەکردنەکەش پێویستە دەستنیشانی وەرگر بکەین، ئەم کارە گرنگە و لەبەرژەوەندی سەرکەوتنی پەیامی شانۆی مندالانە.

## بەشی دووەم

## تەوەرەی یەکەم

### ١. مەرجەکانی نوسینی دەقی شانۆی مندالان:

زاراوەی دەق یان تێکست لەبنەڕەتدا دەربڕینێکی لاتینیە لە (Textus) وەرگیراوە، بەواتای چنین دێت، لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Text)ی بۆ بەکاردێت، لە زمانی عەرەبی (النص) لە زمانی کوردیش زاراوەی (دەق، تێکست) بۆ بەکاردەهێندرێت (عەزیز ٢٠١٦, ٢٤)

دەق وشەی هاوئاهەنگی و بەوێنەی چنین کارییە بە نوسین دەبەسترێتەوەو گیانێکی زیندوییی لەگەڵدا هاوبەش دەکات (ذريل ٢٠٠٠، ١٧ – ١٨)

ئەو ئەدەبەی پێشکەش بە مندالان دەکرێت لە ڕوی هونەرییەوە خاوەن هەمان ئەو بنەمایانەیە کە لە ئەدەبی گشتی و گەوراندا هەیە، بەلام ئەدەبی مندالان ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە دەگرێتەوە، کەوا پێشکەشی مندالان دەکرێت و تیایدا ڕەچاوی خاسیەت و پێداویستیەکانی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەیان دەکرێت، ئەمەش
خالێکی بنەڕەتی و گرنگی و جیاکەرەوەی ئەدەبی مندالانە لە ئەدەبی گەوران بەهەمو جۆرەکانیەوە.
(صبري ٢٠٢٠, ١٠٨)

نوسینی بابەتەکانی شانۆی مندالان پێویستی بە وردبینی و هزری فراوانی هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تەرکیزی بەهێزو ڕوداو گرنگیدان، مەرجە نوسەر بینەران بناسێ تاوەکو بزانێ چی ئاراستە دەکات هەروەها تێگەیشتن لە جیهانی تایبەت بەوانەوە، ئەویش بەهۆی نزیکی نوسەر لە واقیعی مندالانەوە (الهيتي ١٩٧٢، ١٠١)

هەروەها دەست نیشانکردنی تەمەنی مندال، کۆکردنەوەی ئەو پەیامەی کە نوسەر دەیەوێ بیگەێنێت، لە هەست و چێژو پەیرەوکردنی ڕاستگۆیی، ئەمانە هۆکارن بۆ نوسین و پێشکەشکردنی کارێکی تۆکمەی مندالان (الهيتي ١٩٧٢، ١٠٢) کاتێکیش نوسەر سەرکەوتو دەبێت دەبێ زمانی ئاخاوتن تێپەڕێنێ و لەناو دەقدا مامەڵەیەکی تر لەگەڵ زمان و ئاخاوتن بکات کە پێچەوانەی ئەو ئاخاوتنەیە کە ڕۆژانە ئێمە دەیکەین (ع. ميراودەلي ٢٠٠٨, ٣٨)

زمانی شانۆگەری زمانی ئاخاوتن و قسەکردنە، بۆیە جەخت دەکرێتەوە کە لەنێو دیالۆگدا پێویستە چنین هەبێت، هەروەها زانیاری هەبێت لە کەسایەتیەکانی دەق و ناساندنیان ڕون بێت، هەروەها لەنێو دەقدا ڕوداوی سەرەکی دەبێت ڕون و ئاشکرا بێت. (مرعي ٢٠٠٢، ٢٨)

مندالان هەستێکی بەرزیان بۆ یەکسانی هەیە، ئەگەر کۆتایی دەق خەماوی بێت یان پێکەنیناوی بێت لەهەردو باردا پێویستە، ئەمە وانە و ڕاستییە، لە کۆتایدا دادپەروەرانەیە ڕاستی و خودی ژیان ئاوایە، لەلایەک کۆتاییەکی خۆش لەلایەکی دی کۆتاییەکی ناخۆشی هەیە. (أبوالخير ١٩٨٨، ٩٠)


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

وینفریدوار نوسەر دەڵێت: (ئێمە نامەنەوێت هەمو کاتێک لە دەقدا کۆتایەکی دڵخۆشکەر بداتە بینەران، چونکە هەمو دەقێکی شانۆیی هاندان و پاڵنەرێک پێشکەش دەکات ئەمەش بۆ گەشەپێدانی هەست و بنەماکانە لەلای منداڵان. (الجواهري ١٩٧٤، ١٦١)

پێویستە هەردەقێکی منداڵان زمانێکی پاراو بەکاربهێنێت نابێت لەم ڕووەوە هەڵە بکات، چێژبەخش بێت، ئەگەر وانەبو پەیوەندی خۆی لەگەڵ منداڵان دەپچرێنێت، نابێت جیاوازی ڕەگەزی تێدابکرێت بەواتای کوڕان و کچان پێکەوە ڕۆڵیان بدرێتێ و لەڕوداوەکانی نێو دەقەکە بەشدار بن، چونکە ئەگەر شانۆکە تایبەت کرا بە کوڕان ئەوا کچان ئارەزوی بینینی ناکەن، لێکۆڵینەوەی ئەنجومەنی ئەوروپا ساڵی ١٩٩٧ دەربارەی جیاوازی ڕەگەزی گەیشتە ئەو ئەنجامە کە لە سەدا ٧٠٪ کتێبەکان کەسایەتی کوران نیشان دەدەن زۆربەی ڕۆڵەکانیش هەر کوڕانن ئەمە جیاوازیەکی زەقە. (عەزیز ٢٠١٦, ٣٣)

بیرۆکەی شانۆگەریەکە دەبێت پەیوندیداربێت بە ئامانجی شانۆیەکەوە، بەتایبەتی لەڕوی پەروەردەییەوە، هەروەها پەیوەست بێت بە کێشە گشتییەکانی منداڵ و کۆمەڵ ڕون و ئاشکرا و سەرنجراکێش بێت، لەگەڵ عەقڵ و بیرکردنەوەی منداڵان لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن بگونجێت (قەرەداغی ٢٠١١, ٢٩٨)

شێوازی خستنەروی بۆ هەموان بێت جیاوازی نەکرێت و ڕەچاوی تێگەیشتن بۆ هەمو بینەران و ئامادەبوان بکات، چونکە پێچەوانەکەی دڵەڕاوکێ و بێزاری لەناو بەشێکی ئامادەبوانی نمایش دروست دەکات، ڕەچاوی نوسینی دەقێک بکرێت کە بۆ قۆناغی سەرەتایی دەنوسرێت یان قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی. (سريع و بدير ١٩٩٣، ٦٠)

باشترین گەیاندن و سود ئەوەیە بابەتەکانی نێو خوێندن وەربگیرێن دوای هەڵسەنگاندن بکرێنە دەق و ڕۆڵەکانییان بەسەردا دابەش بکرێت، بەتایەتی لەوانەکانی خوێندەوە زانستەکان و پەروەردە، ئەگەرچی هەندێ لەوانەکان کارکردنیان تێدا زەحەتە کە بکرێن بەدەقی شانۆی بۆ منداڵان وەک بیرکاری و ڕێزمانی عەرەبی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە دەق نوسی منداڵان واز لە ئەگەرەکانی نێو شانۆ بهێنێت (الجواهري ١٩٨٦، ٩٦)

پێویستە دەقی منداڵان بابەتەکانی پەروەردەیی و فێرکاری بن، زانیاری بخاتەرو بەتایبەتی لەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی، هەروەها بابەتی فانتازیاو سەیرو سەمەرەو وەک قسەکردنی گیانداران و باڵندە کە ئەمە شتێکی ئاسایی و سەرنج ڕاکێشە بۆ منداڵان، دەقەکان لە دو پەردە درێژتر نەبن تاوەکو بەتامەزرۆوە چاوەڕێی ڕوداوەکان بکەن و خۆی دوربگرێت لەبابەتی هێما و ڕەمز، کە منداڵان ناتوانن لێکدانەوەی بۆ بکەن، ماوەی پێشکەشکردنی درێژ نەبێت، ببێتە هۆی بێزاری بابەتەکانیشی کۆمیدی و تراژیدی بێت، بەڵام مەرجە بە خۆشی و پێکەنین کۆتایی بێت ڕوداوەکانی واقعی بن. (عەزیز ٢٠١٦, ٣٤)

پێویستە نوسەر کار لەسەرئەوەبکات کە ئەو پەیوەندیەی بینەرو شانۆ گیانی نمایشەکەیە، وێناکردنی کەسێتیەکان خستنەرویان بەسانایی بن ،هەروەها کەسایەتیە سەرەکی و ناوەندیەکان لەنێو دەقدا ڕونبکاتەوە هەمو ئەمانە پێکەوە دەق دروست دەکەن، هەروەها کەسایەتیەکان دیاری بکرێن لەڕوی ژمارەوە. (حمود و عمران ٢٠١٩، ٧٩)


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

دەبێت نوسەر پارێزگاری لە بونیادە بەهێز و بنەڕەتیەکانی دەقەکەی بکات وەک کردارێکی ئەدەبی نەوەک تەنیا دیالۆگ لەنێوان چەند کەسێک بێت، پشت ببەستێ بە زانیارییەکانی پرۆگرامی خوێندن گەر دەقنوس ئەمانە ونبکات ناگاتە ئامادەکردنی دەقێکی شانۆیی ڕاستەقینەیی. (رضوان و نجيب ٢٠٠٠، ٢٣٣)

پێکهێنەری بەهێز لە دەستنیشانکردنی نوسینی بنەماکانی شانۆ ئاسانکاریە بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن، هەروەها گواستنەوەی وانەکەیە بۆ کردارێکی درامی یان دەستنیشانکردنی یەکێک لە کتێبەکانی کتێبخانەی قوتابخانەکە کە گونجاو بێت بۆ وانەکان و دەستەواژەکانی پەروەردەیی و فێرکاریین کە سودی هەبێت بۆ کۆمەڵگەی قوتابخانەو قوتابیان بەگشتی (الشنطي ٢٠٠٦، ٢٣٣)

پێویستە لە نوسینی دەق و شانۆنامەی منداڵان نوسەر بیر فراوان بێت تەنیا پشت بەخەیاڵ نەبەستێت، لە خواستی منالان تێبگات، شارەزای ئاستی بیرکردنەوە و گەشەیان هەبێت. (عەلی ٢٠١٦, ٤٠٠)

پێویستە دەقنوس لە سەرەتادا هەندێ دیمەنی پێکەنیناوی بخاتەڕو، ڕوداوەکانی پڕ لە جوڵەبن، ڕوداوە لاوەکیەکان لەخزمەتی کەشی سەرەکی دابنێت و کۆتایی دەقەکەی بەخێر و چاکە و ئاشتی و سەرکەوتنی ڕاستگۆیی بێت (د. ئەحمەد ٢٠١٨, ١٠٨ – ١٠٩)

دەبێت بابەتەکە پەیوەندیدار بێت بەو بەهایانەی هەڵیگرتوە، وەک بەهای پەروەردەیی جوانی و فێرکاری و ڕەوشتی، پێویستە گونجاو بێت لەگەڵ تەمەنی منالدا. (قەرەداغی ٢٠١١, ٢٩٨)

لێرەدا گرنگترین کەرەستەی دەق (بیرۆکەیە) چونکە لە ڕێگەی بیرۆکەوە هەمو شتێکی جوان لەدایکدەبێت و بنەمای درامایەکی سەرکەوتوی لەسەر دروست دەکرێت، هەروەها پاراستنی هاوسەنگی کارەئەکتەران لەنێو دەقدا بۆیە دروستکردنی ڕوداوی دورودرێژ خزمەت بە پرۆسەکە ناکات دەبێت ڕۆڵەکان بەشێوەیەک دابرێژرێت هاوسەنگی بپارێزێت هەروەها بوار بدرێتە منداڵات تێکستی دەقەکان بەباشی بخوێنێتەوە، دواتر لێیان تێبگات ئینجا داوای پراکتیک و ڕاهێنانیان لێبکرێت(سەعید،٢٠١٣، ٣٢)

نوسین پرۆسەیەکی زانستی و عەقلانی و زانستی و فەلسەفی بەرنامەدارە، نوسەر ناتوانێ بەبێ بونی پلان و شارەزایی و زانست و بوارەکانی دیکە بنوسێت، ئەگەر بەبێ بونی ئەمانە بنوسێت ئەوا بێگومان بابەتەکانی بێسەنگ و باوەڕ پێنەکراو دەبن و زو دەپوکێنەوە و لەناودەچن، بواری منداڵان قورسایی و توانایی خۆیی پێویستە، چونکە مامەڵەکردنە لەگەڵ چینێکە داهاتوی میللەتێکی پێوە بەندە، نوسەری منداڵان پێویستە ئاگاداری قۆناغەکان بێت، ئاستی تەمەن بزانێت تاوەکو ئەو چالاکیانەی کە کاری بۆ دەکات کە بریتییە لەپەروەردەو فێرکردن بێنێتەدی (ئەحمەد٢٠٢٢، ٢٠)

دەقنوسی سەرکەوتو منداڵان فێری بنەماکانی بەمرۆڤ بون دامەزراندنی کەسێتی ئاشتیخواز و هێمن و سەربەخۆ بۆ داهاتوی دەکات (اسماعیل ٢٠١٨، ٦٣)

## ٢. گرنگی چیرۆک لە دەقی منداڵان:

چیرۆکی منداڵان دەرگایەکی فراوانە لەنێو دەریای کەلەپوری کوردیدا چیرۆکی قوتابخانەیش بۆ ڕاستکردنەوەی منداڵانە، چونکە هەر چیرۆکێک ئامۆژگاریەکی تێدایە ڕێگای ڕاست ڕون دەکاتەوەو ڕێگای خراپ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

ڕاست دەکاتەوە. (صالح١٩٨٥ ،٣) پێویست ناکات پێشەکی بۆ چیرۆک بنوسرێت، بەڵام کات و شوێن زۆر گرنگە ڕون و دیار بێت، دیالۆگەکان بەزمانێکی ڕەوان و دیار بن باشترە ڕەچاوی ئەو منداڵانەش بکرێت کە نەهاتونەتە قوتابخانە ، هەروەها ڕای منداڵان خۆیان وەربگیرێن لە حەزو ئارەزویان لە بابەتەکان، چیرۆک یەک هێڵی هەبێت و گرێدراو بێت بە ڕوداوەکانی ترەوە (شحاتة ١٩٩٣، ٣٥٦)

چیرۆک گوزراشت لە بیرۆکەیەکی دیاریکراو دەکات، کە لە چەند ڕوداوێک لە چەند کاتێکی یان لە کاتێکی دیاریکراودا ڕودەدەن، کەسایەتیەکانی جوڵە دەکەن لە شوێنێ یان چەند شوێنێک نوسەر بەشێوازێکی هونەری تایبەت ئەمە دادەرێژ و دەینوێسێت، چیرۆک جۆرێکە لەجۆرەکانی ئەدەبی سەرنجڕاکێش و جوانی و چێژو خەیاڵکردنی تێدایە (موسى والفيصل، ٢٠٠٠ ،٣٧) دەستنیشانکردنی بیرۆکە وەک کردنەوەی کلیلی خەزێنەیەک وایە بۆ نوسەر، ئەمەش بۆ بینینی جوانی و سەرنج ڕاکێشی هەمو ئەو کەلوپەلە پڕ بەهاو نرخانەی لەنێو گەنجینەدا هەن و مامەڵەکردن لەگەڵیان بەشێوەیەکی لێزانانە بۆ پڕشنگداری و جوانی دەرخستنی چیرۆک. (نجيب ١٩٩١، ٧٦)

## ٣. پێویستییەکانی مامۆستای دەرهێنەر لە شانۆی منداڵاندا:

بیرۆکە و دەقی پەروەردەیی دەبێتە ئەو ماددەیەی کە دەرهێنەر دەتوانێت بەکاریبهێنێت بۆ دەربڕین لەخۆی و هونەرەکەی و گەیاندنی پەیامی ئامۆژگاری لە ڕێگەیەوە .

دەرهێنەر دەتوانێ هەمو جیهان ببینێت لەماوەی بینینی دیدەنی منداڵەوە (الجواهري ١٩٧٤، ١٧٧)

دەرهێنانی شانۆیی گۆرینی دەقی نوسراو بۆ نمایشێک کە لەناو ژیاندا هەڵقوڵابێت، لەهەمان کاتیش خوێندنەوەی دوەمە یان نوسینی دوەمە بۆ دەقی شانۆیی. (ئەلیاس ٢٠٠٩, ٦٦)

دەرهێنانی شانۆی منداڵان پێویستی بەبابەتی جیاواز هەیە کە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندین، ئەویش لەپێناو گەیشتنی ئامانجی پەروەردەو فێرکردن و لایەنی کۆمەڵایەتی و دەرونی ئارەزومەندانە، بەواتای کارکردن بۆ چالاکی و دراما و فێرکردن و چالاکیەکانی منداڵانە بێت. (مودنان ٢٠١٥، ٧٩)

ئەگەر مامۆستا توانی ئەو شێواز و هونەرکارییە نوێیە بەکاربهێنێت بۆ گەشەپێدان و تەقاندنەوەی توانا داهێنەرەکانی قوتابییەکان ئەوا بێگومان ئەو مامۆستایە مامۆستایەکی داهێنەرە، چونکە توانیویەتی بەهێزو بیرۆکەی نوێوە هەست و سۆز و بیری قوتابیەکان بوروژێنێت (عەلی ٢٠٢٢, ٥٧)

دەرهێنەری مامۆستا پێویستە کە پێگیری وانەکانی قوتابخانە بێت، کە ئامانجەکانی لە پرۆگرامدا دەستنیشان کراوە، هەروەها دامەزراندنی هاوکێشەیەک لەنێوان ڕێکخستن و ئازادی قوتابیان لە بیرکردنەوە و جوڵەدا، ئەویش لەماوەی سەرنجدان (التركيز) (زين‌الدين ٢٠١٨، ٩٩)

چاکترە مامۆستای دەرهێنەر دایک و باوکی قوتابیان بانگهێشت بکات تاوەکو منداڵانی خۆیان لە نمایشدا ببینن، دەرهێنەری مامۆستا کارەکانی بەگوێرەی کار دابەش دەکات بەسەر گروپی ڕوناکی، دیکۆر، دەنگ، مۆسیقا، گۆرانی و لێژنەی پێشوازی (سەعدوڵلا ٢٠١٤, ٥٦ – ٥٧)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

بنەما گرنگی دەرهێنەر ڕاهێنانێکی گونجاوە، دروستکردنی نمایشێکی پر چێژ، هەروەها بڕواهێنان بە منداڵان دروستکردنی متمانە یەکێکە لەکارە گرنگەکانی دەرهێنان (الجواهري ١٩٧٤، ١٧٥)

هەر بیرۆکە و دەقێک کە بۆ شانۆ دەنوسرێت، دەبێت لەلایەن دەرهێنەرەوە بەرنامەڕێژی بۆدابندرێت، لە بازنەی پێکەنین یان سەماکردن و جوڵەی بەردەوام بسورێتەوە بۆ ئەوەی شیوێنەواری ئەندێشەی منداڵ بەجێبێڵێت. (مامۆکی ٢٠٢٠, ١٤)

پێویستە دەرهێنەر زیاتر پشت بە جوڵە وەک لە دیالۆگ ببەستێ، هەروەها بەکارهێنانی جیهانی باڵندە و ئاژەڵان و جۆرەکانی بوکەڵە و بەکارهێنانی وێنەی جوڵا و کارتۆن. (مرعي ٢٠٠٢، ٢٣)

بەشداری و حەزی منداڵان و دیاری کردنی بەهرەی نواندن جوڵەکانی (ئیبتیکار) هاوکاریکردن لەگەڵ کەسانی ترهەروەها گۆڕینەوەی ڕۆڵەکان لەنێو یەکتریدا گرنگن (حمود و عمران ٢٠١٩، ١٣١)

دەرهێنەر بە ئامرازی نوسەر دادەنرێت و یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی وشەکانی بکاتە وێنە، دەتوانین بڵێین شانۆگەریش بریتیە لە وەڵامدانەوەیەک بۆ پێویستیەکانی دەرهێنەر، لێرەدا دەق دەبێتە ئەو ماددەیەی کە دەرهێنەر دەتوانێت بەکاربهێنێت. (عوسمان ٢٠١٢, ٢٨)

بنەمای دەرهێنانی شانۆی منداڵان خۆیی دەبینێتەوە لە ڕێکخستنی جوڵە لە ڕوی ڕوخساری ئەکتەرو جوڵەو سەماو هەروەها بەکارهێنانی ماکیاژ و جەستەی ئەکتەر لەسەر شانۆ، ئەمەش بەپێی خواستن و پێویستی ڕۆڵەکە لە چوارچێوەی پەروەردەیی هاوسەنگ بۆ شانۆ لەنێو قوتابخانەدا، وەک بابەت و ئامانج، هەروەها وتنەکان وەک گۆرانی وتن سرود. (مودنان ٢٠١٥، ٧٨) دەرهێنەر دەتوانێت جیهان لە چاوی منداڵانەوە ببینێت، ئەویش لەماوەی دەرهێناندا، کاری دەرهێنانی شانۆیی ڕێزگرتن و گەشەی تێگەیشتنە، ئەو ڕێزە وادەکات منداڵان دڵخۆش بن و بەڕاستگۆییەوە حەز و گرنگی و بدەنە کارەکە، پێویستە دەرهێنەر دڵنیابێتەوە لەو شانۆیانەی کە هەردو لایەنی گاڵتەجاری و جۆریەتی هەیەو پێکەوە کۆیان دەکاتەوە. (الجواهري ١٩٧٤، ١٧٧)

مامۆستای دەرهێنەر گرنگی بداتە بنەما هونەریەکانی شانۆ و ڕەچاوکردنی ئەو تەمەنەی کە نمایشی بۆدەکەن، زانیاری لەسەر ئەو قوتابیانە هەبێت کە کاری لەگەڵ دەکەن (حمود و عمران ٢٠١٩، ١٢٧ – ١٢٨).

دەرهێنەر ڕێکخەری گشتی و دابەشکارە، وەک ڕەشماڵێک هەمو پێکهێنەرەکانی ماڵێک لەژێر سایەی ئارامیدا کۆدەکاتەوە، دەرهێنەر نمونەیی بە هاوکاری دەستە هونەریەکانی ئامادەکاری جوانییە بۆ منداڵان هەروەها دروستکەری بەهای باڵای بینین و بیستن وهەستکردنە لەڕێگەی تابلۆی هونەری نمایشەوە بەخەیاڵێکی فراوان و عەقڵێکی نوێ و هەروەها نوێبونەوەی بەردەوام.

باشترە مامۆستای دەرهێنەر لە ڕێگەی شاشەی تەلەفزیۆن و داتاشۆوە شانۆگەری نیشانی قوتابیان بدات، ئەمەش بۆ پێشخستنی تواناکانە، یان گروپی منداڵان ببەن بۆ شوێنی ڕاهێنان یان نمایشی شانۆگەری گەوران، لەکاتی ڕاهێنان جلوبەرگی تەواو ئامادەکرابێ و بەکاربهێنرێ، دەرهێنەر کارەکانی بەگوێرەی کار دابەشبکات بەسەر گروپی ڕوناکی، دیکۆر، دەنگ، مۆسیقا، گۆرانی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

## تەوەرەی دووەم

### ١. نمونەی کارە نمایشکراوەکان:

هەندێ نمونەی نمایشی شانۆی منداڵان کە هەڵگری پەیامی پەروەردەیی و پاراستنی ژینگەو خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتیمان و شەهیدان و خستنەڕوی بابەتی مێژوی و نەورۆز ساڵی کوردی ڕێزگرتن لە بەساڵاچوان و زمانی دایک خۆشەویستی بۆ قوتابخانەو خێزان و هەروەها چیرۆکی مێژوی کوردستان گرنگی پاراستی و سامانی ئاو و دەستگرتن بەپاراستنی کارەبا ئەمانەن: شانۆیی (پاراستنی ئاو) نوسین و دەرهێنانی شاهین نجم الدین لە پارێزگای هەولێر ساڵەکانی ٢٠٠٣/٢٠٠٤/٢٠٠٥/٢٠٠٦/٢٠٠٧/ ٢٠٠٨ بەهاوکاری ڕێکخراوی یونسیف لە قوتابخانەکانی هەورامانی بنەڕەتی، کامەرانی بنەرەتی، ئازادی، ئەمین زەکی، مەریوان، رەنج، دابان و خۆراگری سەرەتایی و یازدەی ئازار، سەفین و ماکۆک، قوتابخانەی کۆدۆ لە شاری هەولێر، (شانۆیی مام نەورۆز نێرگز دێنێت و زمانی دایک) لە نوسین و دەرهێنانی هۆگر ئەحمەد گروپی دۆق شارتەری منداڵان لە شاری هەولێر لە ساڵەکانی ٢٠١١/٢٠١٢/٢٠١٣/٢٠١٨ نمایشکراوە، شوێنەکان لە قوتابخانەکانی شەقڵاوەی هەروەها قوتابخانەی زانیاری لە شاری هەولێر و نێو پارکی شانەدەر.

شانۆیی سندباد ئامادەکردن و دەرهێنانی مامۆستا هەرمان هاشم حامد ساڵی ٢٠١١ هۆلا محمد عارف جزیری شاری دهۆک بۆ منداڵان و گەوران نمایشکراوە، ڕوداوەکانی مێژوین و گرنگی دەداتە گیانی هەرورەزی و هاوکاری کردنی یەکتر.

شانۆی (نیشتیمانی ڕەنگ و مەملەکەتی بوکە شوشەکان) نوسین و دەرهێنانی مامۆستا فریاد ڕەحمان لە شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەرین سەر بە پارێزگای سلێمانی، ساڵەکانی ٢٠٠٧/٢٠١٠/٢٠١٩ لە قوتابخانەکانی پێشکەوتن لە ڕانیە - ئامادەیی سەفین - قوتابخانەی سەید ئەمین - قوتابخانەی بیتوێن - هەروەها لەنێو دیوانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە و هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان لە هەولێر نمایش کراوە، ئەم شانۆیەی منداڵان ساڵی ٢٠١٩ پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی هەرێم لە پێشبرکێی شانۆی منداڵان بەدەستهێناوە، نمایشی شانۆکە لە سێ کەسێتی سەرەکی دایک و کچ و کورێک و چەند بوکە شوشەیەک پێکدێت ناوەرۆکی دیمەنەکان پڕن لە ئاماژەی پەروەردەیی لە ڕێزگرتنی بنەماڵەی شەهیدان و هاندانی منداڵان بۆ خوێندن و گەیشتنی ئاواتی کە ئەندامان و نابینایان، هاوکاری کردنیان و کارکردن و زەحمەتی منداڵانی هەژارو کەس و کاری سەربەری شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، لەکۆتاییدا دەیسەلمێنێت کە بەکۆڵنەدان هەمو ئاواتەکان بەدیدێن.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

## ٢. ئەنجامەکان:

١. شانۆی منداڵان هۆکارێکی گرنگی بواری گەشەسەندنی زمان و ڕێزمانی کوردییە، ئەویش لەرێگەی دیالۆگەوە ڕێگا لە وتنی ڕستەی هەڵە و ناراست دەگرێت.

٢. لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٣ تاکو ٢٠٢١ نمایشی منداڵان لە قوتابخانەکان هەبوە، بەڵام لە ئاستی پێویست نییە و پێویستی بەتۆکمەکرنەوە و پشتیوانی زۆرتری پەروەردە و خێزان و کۆمەڵگەیە.

٣. پەیامی پەروەدەیی و هێزی شانۆی منداڵان لەجۆرە جیاوازەکانیدا دەردەکەوێ.

٤. شانۆی منداڵان هۆکارە بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نیشتیمان و نەتەوەیی هەروەها خاک ویستنی و ڕێزگرتن لە سەرورەیەکانی، ئامادەبونی خێزان و پشتیوانی کردن لەرۆڵەکانیان لەکاتی نمایش، هاندەرە بۆ گەشەسەندنی شانۆی منداڵان.

٥. شانۆیی منداڵان هۆکاری ڕاهێنانی منداڵانە لە دەنگ و دەم و دو قسەکردنی ڕەوان و پاراو، چارەسەرە بۆ کەماسیەکانی قسەکردن و زمان گیران و ترسە باوەکانی نێو منداڵان.

٦. فێربونی بنەماکانی ڕەوشت و مامەڵەی دروست بەتایبەتی لەنێو قوتابخانەدا، بەهێزکردنی پێکەوەژیان و نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی و جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی.

٧. پشتگیری خێزان بۆ منداڵان، شانۆی منداڵان بەرەوپێش دەبات و دۆزینەوەی بەهرە و تواناکان دیاریدەکات.

## ٣. ڕاسپاردەکان:

١. دانانی لیژنەیەکی باڵای بەدواداچون بۆ سەرپەرشتیکردنی نمایشەکان لە قوتابخانەکاندا.

٢. کردنەوەی ناوەندێکی باڵا بۆ کۆکردنەوە و بە ئەرشیفکردنی شانۆی منداڵان.

## ٤. پێشنیارەکان:

١. وەزارەتی پەروەردە شانۆی منداڵان وەک هەر وانەیەکی تر هەژمار بکات.

٢. ڕێکخستنی ڤیستیڤاڵ لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی تایبەت بە پێشبرکێی شانۆی منداڵان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# Children's Theatre and Achieving Educational Goals in Schools

**Nabaz Esmail Kamal**[1]

[1]Cinema and Theatre Department, College of Fine Arts, University of Salahaddin-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The most crucial aspects of community development، which connect to the future of each community's function and its future، are education and learning steps. In order for their correctness and stability to guarantee a good living for people and serve people، nations determine the fields of theater، education، and learning as well as the level of cultural and civil understanding that is to come. Children's theatrical development has always been at a low level in the Kurdistan Region due to ongoing occupation and abuses of sovereignty، and this weakness is increasingly apparent between 2003 and 2021. even while its justifications are altering. We will discuss the forerunners and goals of the development of children's theater since the Greek era as a source based on resources in this study. We will also analyze the essential elements of children's theatre and significant educational pathways، as well as different types of children's theatre and their effects on children، the circumstances of writing drama texts، the role، and responsibilities of the director's teacher in how to deal with performances and presentations، as well as s presenting some findings regarding children's theater and the impact of punctuality.

**Keywords:** Theatre, Education, School, Learning, Play Theatre.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

## سەرچاوەکان:


ئالانی، عەزیز. ٢٠٢١. فەلسەفەی پەروەردە هزر و هۆشیاری پەروەردەیی. هەولێر: چاپخانەی چوارچرا- چاپی سێیەم.

ئەحمەد، کەیفی. (د) ٢٠٢٢. ئەدەب و چیرۆکی منداڵان. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆ.

ئەحمەد، د. کەیفی. ٢٠٢١. شانۆ و دراما لە وراتی کۆیە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان. چاپخانەی تاران، کۆیە

ئەحمەد، د. کەیفی. ٢٠١٨. شانۆ و شانۆی منداڵان. کۆیە: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاڵای ڕوناکی - چاپی یەکەم.

ئەحمەد، د. کەیفی، ٢٠١٨. هونەری شانۆ لە شاری کۆیە. کۆیە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە.

ئەلزەغلول، عیماد عبدالرحمن (د) ٢٠١٥. بنەما سەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی - وەرگێڕانی ئارام ئەمین شوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان.

ئەلیاس، کامەران حاجی. ٢٠٠٩. شانۆی قوتابخانەیی. هەولێر: چاپخانەی پەروەردە.

ئەمین، عومەری عەلی. ٢٠٠٠. دیاری بۆ شانۆی منداڵ. هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان.

حەمەدەمین، ڕەمەزان. ٢٠١٦. سایکۆلۆژیای منداڵ لە باخچەی منداڵان. بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم سۆفیا لە کۆیە.

زاهیدی، مستەفا. ٢٠٢٠. پێگەی منداڵ لە ئەدەبی منداڵاندا. سلێمانی.

سالار، ئەحمەد. ١٩٨٤. دەروازەی دراما. بەغداد چاپخانەی الجاحظ.

سەرکار، خالید. ٢٠١٣. پەروەردەی موزیک. لوبنان: چاپخانەی المستقبل، چاپی یەکەم.

سەعدوڵڵا، نیهاد. ٢٠١٤. شانۆ ل باغچە و قوتابخانێن زارۆکان. دهۆک: چاپخانا زانا.

سەعدوڵڵا، نیهاد، ٢٠١٥. کارتێکرنا شانویی ل سەر زاروکا. دهوک: ڕێڤەبەریا کتێبخانەیا گشتی لقی دهوکی چاپخانا زانا، دهۆک.

سەعید، ڕزگار کەریم. ٢٠١٣. شانۆنامە بۆ منداڵان و هەرزەکاران (ریناتا ئالین جەیمس سۆندەرس دی ئێم بۆکاس لارسن). سلێمانی: دەزگای پەخشی سەردەم.

سەعید، فایەق. ٢٠٢٠. لیۆڤیگۆتسکی تیۆری سۆسیۆکولتوری و پەروەردەیی هاوچەرخ. سلێمانی: ناوەندی غەزەلنوس زنجیرە ٢٩٥.

شوان، ئیبراهیم ئەحمەد(د) ٢٠١٨. مەڵۆیێ لە ئەدەبی منداڵانی کورد. چاپخانەی هێڤی.

صالح، خالید حسین. ١٩٨٥. ژ کەلەپورێ کوردی چیرۆک بۆ زارۆکا. بەغداد: چاپخانا حەوادث، کتێبخانا نیشتمانیا بەغداد.

عوسمان، یوسف. ٢٠١٢. بنەماکانی نواندن. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان. چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر

عەبدوڵڵا،سوهێل تاهیر. ٢٠١٠. پەروەردەکردنی منداڵ لە سەردەمێکی مەترسیداردا. هەولێر: دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی.

عەلی، خەلیل، ٢٠٢٢. پەروەردەی پراکتیک لە وانەی هونەردا. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

عەلی، خەلیل، ٢٠٢٢. پەروەردەی هونەر. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

غەمبار، کەمال. ١٩٨٠. چیرۆک بۆ منداڵان. بەغداد: دابەشکردنی ماڵی نیشتمانی چاپخانەی (الحضارة).

قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین. ٢٠١٤. ڕێگاکانی وانە وتنەوە شێوازە تیۆری و پراکتیکییەکان. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان. چاپی دوەم چاپخانەی سۆفیا لە کۆیە.

قەرەداخی، بورهان. ٢٠٠٤. شانۆی پانتۆمایم. سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران.

کەوڵۆسی، مەشخەڵ. ٢٠٠٨. هونەری وتاردان شێوازی کاریگەریدانان لەسەر خەلک - دیل کارنگی. سلێمانی: خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.

میراودەلی، کەمال (د). ٢٠٠٥. فەلسەفەی هونەر و جوانی ئیستاتیکا. خانەی بڵاوکردنەوەی قانع.




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29**

میراودەلی، عمر. ٢٠٠٨. زمانی دەق. هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنوسی چاپ و بڵاوکردنەوە.

صبری، رازاو ڕەشید. ٢٠٢٠. "بەها پەروەردەیی نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە تێکستی شانۆی منداڵاندا." گۆڤاری توێژەر بەرگی ٣ ژمارە٢ بەهار.

مامۆکی، شاخەوان عەلی حەمەد. ٢٠٢٠. "شانۆی منداڵان چییە." ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە ٣٣٨٨، بەشی جڤاک.

عەزیز، ڕەنجبەر ئازاد. ٢٠١٦. بونیادنانی دەقی شانۆیی منداڵانی کورد "١٩٧٠ – ٢٠٠٥ کرمانجی خوار".هەولێر: زانکۆی صلاح الدین.

أبو حسن سلام (د.). ٢٠٠٤. مسرح الطفل النظرية مصادر الثقافة فنون النص فنون العرض. الأسكندرية - مصر: دار وفاء للنشر والتوزيع.

أحمد نجيب. ١٩٩١. الأدب الأطفال - علم والفن -. القاهرة: دار الفكر العربي.

أنيس حمود، و هبة عمران. ٢٠١٩. المسرح المدرسي فعالية تربوي. الأردن: دار دجلة للنشر و التوزيع.

حسن شحاتة (د.). ١٩٩٣. أدب الطفل العربي. دار المصرية اللبنانية.

حسن مرعي. ١٩٩٣. المسرح المدرسي. بيروت لبنان: دار مكتبة الهلال.

حسن مرعي، ٢٠٠٢. المسرح المدرسي. بيروت لبنان: دار و مكتبة الهلال.

خير شواهين، كاملة عبيدات، و شهرزاد بدندي. ٢٠٠٩. المسرح المدرسي في العلوم ومهارات التفكير. الأردن: عالم الكتب الحديث.

زكريا إبراهيم (د.) . ١٩٩٢. سيكولوجية الفكاهة و الضحك. القاهرة: دار مكتبة مصر للطباعة - نادي علم الاجتماعي.

طارق أحمد البكري (د.). ٢٠٠٥. مجالات الاطفال و دورها في بناء شخصية الطفل العربي. دار العلم و الايمان للنشر و التوزيع.

عبدالتواب يوسف أحمد. ١٩٨٧. مسرح الطفل العربي. القاهرة: دار الكتب المصري.

عبدالفتاح أبومعال. ١٩٨٤. في مسرح الاطفال. الأردن: دار الشروق و توزيع شارع ملك حسين

علي الحديدي (د). ١٩٨٨. في الأدب الاطفال. مصر: مكتبة الأنجلوا المصرية، جامعة عين الشمس، طبعة الرابعة.

محمد اسماعيل الطائي (د.). ٢٠٢١. ارتحالات المعرفة في المسرح - أبحاث و منتلقات في مسرح التربوي - تقديم أ. د. عقيل مهدي يوسف. البصرة: دار فنون الآداب.

محمد حامد أبوالخير. ١٩٨٨. مسرح الطفل. الهيئة المصرية العامة للكتاب، الطبعة الأولى.

محمد شاهين الجواهري. ١٩٨٦. الاطفال و المسرح. القاهرة: هيئة العامة للكتب.

محمد شاهين الجواهري، ١٩٧٤. مسرح الأطفال - وينفريد وار. بغداد: دار المصرية للتأليف و الترجمة.

محمد صالح الشنطي. ٢٠٠٦. في فن المسرحية تنظيرا و تاريخا و تطبيقا. المملكة العربية السعودية: دار الاندلس للنشر و التوزيع، الطبعة الأولى.

محمد محمود رضوان، و أحمد نجيب. ٢٠٠٠. أدب الاطفال مبادئه ومقوماته الاساسية. القاهرة: مطابع الهيئة العامة للمساحة.

مروان مودنان. ٢٠١٥. مسرح الطفل من النص إلى العرض. الدار البيضاء: مطبعة النيل، طبعة الأولى.

هيفاء خليل شرايحه. ١٩٨٣. أدب الأطفال ومكتباتهم. عمان : دار نشر الوطنية.

هيلين هايمان جوزيف. ١٩٢٠. كتاب العرائس. واشنطن: دار هيوبسن، الطبعة الأولى.

أحمد علي كنعان. ٢٠١١. "المسرح الخطابي." مجلة جامعة دمشق المجلد ٢٧ العدد الأول و الثاني.

كمال الدين حسين. ٢٠٢٠."المسرح في المؤسسات التعليمية مابين النظرية و التطبيق محاولة للتنظير للمسرح تعليمي.

مجلة مسرحنا-تصدر الهيئة العامة مصر الوطن العربي - رئيس تحرير محمد روبي عدد ٦٤٦ - ١٣ يناير.

عبدالعزيز بن عبدالرحمن اسماعيل. ٢٠١٨. مسرح الطفل "لعبة الخيال والتعليم والاخلاق". الرياض.

عبدالعزيز محمد سريع و تحسين ابراهيم بدير. ١٩٩٣. المسرح دول الخليج العربية "الواقع وسبل والتطور".دول الخليج: مكتبة التربية العربي في دول الخليج.

عبدالمعطي نمو موسى، و محمد عبدالرحيم الفيصل. ٢٠٠٠. أدب الاطفال. الأردن: مكتبة طريق العلم.

عدنان بن ذريل. ٢٠٠٠. النص والاسلوبية بين نظرية و تطبيق. منشورات الاتاد الكتاب العرب.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29

لينيا نبيل ابومغلى(د) و مصطفى قسيم هيلات (د.) ٢٠٠٧. الدراما و المسرح في التعليم النظرية والتطبيق. عمان الأردن: مكتبة الوطنية.

محمد مبارك الصوري. ١٩٩٧. مسرح الطفل و أثره في تكوين القيم والاتجاهات. الكويت: مجلس نشر العلمي الكويت، كلية الآداب، جامعة الكويت.

مصري عبدالحميد حنوره. ١٩٧٧. رفيق الخيالي وتلقائية الاداء التمثيلي عند الطفل - حلقة الدراسية في مسرح الطفل. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

نقاش غالم. ٢٠١١. مسرح الاطفال في الجزائر. الجزائر: جامعة وهران.

هادي نعمان الهيتي. ١٩٧٢. حول أدب الأطفال في العراق -الفلسفة، فنون، وسائطه - بحث غير منشور قدم إلى حلقة كتاب الطفل والمجلة -هيئة مصرية العامة - القاهرة، بغداد: دار شؤون .



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper29**